ئەجەلان پەیامێك ئاشتی كۆنفرانسی رۆشنگەریی شنگال دەكات

عەبدوڵا ئەجەلان لە پەیامەكدا بۆ كۆنفرانسی رۆشنگەریی شنگال رایگەیاند، گەلی ئێزی بەتەنیا نییەو ئیدی سەردەمی فەرمانكان لەدژی ئەو گەلە كۆتایی هات.

كۆنفرانسی رۆشنگەریی شنگال، دوێنێ پێنجشەممە، بە بەشداری زیاتر لە 150 كەس لە شنگالی باشوری كوردستان دەستی بە كارەكانی كردو بەیارێ ئەمڕۆش بەردەوام بێت.

عەبدوڵا ئەجەلان پەیامەكی ئاشتی كۆنفرانسەكە كردو تێیدا رایگەیاند، مافی سروشتی ئێزدییەكانە كە سیستەمێك بۆ خۆیان بنیات بنێن، تا بتوانن بە ئازادی، بە ناسنامە و باوەڕی خۆیانەوە بژین. دەوڵەتە زەردارەكان و زیهنیەتە نەتەوەپەرستە تەنگەكان، دان بەم مافەدا نانێن. ئەمە، لەسەر بنەمای یەكسانی، خوشك و برایەتیی گەلان، بە سیستەمێك كە بتوانن خۆیان بەڕێوەببەن، هێی تە دەچێت.

ئاماژەی بەوەشدا، پێویستە هەموان بزانن، گەلی ئێزدی تەنیا نییە. سەرباری ئازاری 73 فەرمانكە، بە بەرخەدان خۆیان گەیاندە ئەمڕۆ. بە پرسەی ئاشتی و كۆمەڵگەی دیموكراسی كە ئەمە بەرەوپێشی دەبەین،

ئیتر فەرمان بەسەر ئەواندا نایەت. ئیتر سەردەمی فەرمان کۆتایی هات. هەبونی ئەوان، بە هەمو کەسێک کە خوازیاری ئاشتی و خوشک و برایەتییە لەم جوگرافیایە، مەسەلەی شەرەف و شکێیە.

دەقی پەیامەکەی ئەجەلان بۆ کۆنفرانسی رۆشنگەریی شەنگال:

پێش هەمو شتێک، بۆ ناوی هاوڕێیانی ئەرەوە، سڵاوتان لێ دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ کارەکانتان دەخوازم.

مێژو تەنیا گێڕانەوەی ڕابردو نییە؛ ئازارەکان و بەرخەدان و حەقیقەتیش لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت. گەلی ئێزدی، پایەیەکی دێرین و شکۆداری ئەم حەقیقەتەیە. ئێزدییەکان کە خاوەنی باوەڕێکی هەرە دێرینی میزۆپۆتامیان، هەزاران ساڵە لەبەرانبەر فشار و ئاوارەکردنی زۆرەملێ و پڕاوزخستندا، هەبونی خۆیان پاراستوە.

ئێزدێتی، لە باوەڕ و نەریتێک واوترە. ژیانی ئاشتییانە لەگەڵ سروشت و پیرۆزاگرتنی ژینگە بەبنەما دەگرێت. هەر بۆیە، سیستەمە زۆردارەکان هەردەم ئێزدییەکانیان وەک مەترسیەک بۆ سەر خۆیان بینیوە. ئێزدییەکان، شوێنەواری ژیانی ئازاد و یەکسانیان تا ئەمڕۆ هەناوە.

ئەو دەمەی هوبەڵوی ستەمی مێزن بونەوە، ئێزدییەکان پاشکشەیان نەکرد؛ پەنایان بردە بەر چیاکانی کوردستان، گردراوبون بە مێژوی خۆیان و باوەڕی ئازادییەوە. هەوەدرا باوەڕ و زمانەکەیان قەدەغە بکرێت، بەناو ئەوان کەلتوی خۆیان پاراست. وەختێک هەوڵی لەناوبردنیان درا، سەرلەنوێ لە خەرمەنی خۆیانەوە لەدایکبونەوە.

ژنانی ئێزدی پێشەنگی سەرکەیی ئەم تێکۆشانەن. بونە ئامانجی هەرشی توند، وەلێ هەرگیز سەریان نەوی نەکرد. بە بەرخەدانیان لە شەنگال، سەرلەنوێ هیوای ژیانەکی شکۆداریان بە خۆیان و هەمو گەلان خستە سەر پێ.

تێکۆشانی ئەمڕۆی ئێزدییەکان، بە هەمومان ڕانیشاندەرە. دەنگی ئەوان، دەنگی هەمو ئازادیخوازێکە. بۆیە، پاراستنی گەلی ئێزدی لەسەر بنەمای پاراستنی جوهەری، خاوەندارییە لە ویژدانی مرۆڤایەتی.

مافی سروشتی ئێزدییەکانە کە سیستەمێک بۆ خۆیان بنیات بنێن، تا بتوانن بە ئازادی، بە ناسنامە و

باوەڕی خەیانەوە بژین. دەوڵەتە زەردارەکان و زیهنیەتە نەتەوەپەرستە تەنگەکان، دان بەم مافەدا نانێن. ئەمە، لەسەر بنەمای یەکسانی، خوشک و برایەتیی گەلان، بە سیستەمێک کە بتوانن خەیان بەرەوبەبەن، ئەی تە دەچێت.

پەویستە هەموان بزانن، گەلی ئەزدی تەنیا نییە. سەرباری ئازاری 73 فەرمانەکە، بە بەرخەدان خەیان گەیاندە ئەمە. بە پرسەی ئاشتی و کەمەگەی دیموکراسی کە ئەمە بەرەوپێشی دەبەین، ئیتر فەرمان بەسەر ئەواندا نایەت. ئیتر سەردەمی فەرمان کەتایی هات. هەبونی ئەوان، بە هەمو کەسێک کە خوازیاری ئاشتی و خوشک و برایەتییە لەم جوگرافیایە، مەسەلەی شەرف و شکێە.